کورتە چیرۆکی :

# کۆڕی ڕێزلێنان

## *نووسینی .ئە لی ئە شرە فی دە روێشیان*

وە رگێڕ: ڕێناس جاف

بە هە ڵە داوان بۆی دە رئە چین و گورجێ ئە و ناوە جێ دێڵین. ڕائە کە ین کە چی پە رۆش و پە رێشان.

ئێژی دڵم داتە پیوە تە نێوگیرفانە تە سکە کە ی باخە ڵم و ئیدی ڕزگاربوونی بۆ نییە. باوکم دائە نە وێتە وە وساتێ بۆی دائە نیشێ. ئیتر قاچی لە گە ڵی ناچێ و هێزی پێی نییە ڕابکات. تاوێ لە نێو کووچە و کۆڵان دا دائە نیشین و باوکم وچانێکی بۆ ئە دا و پاڵ دە دا بە دیوارە وە.بڵێند گۆکان لە دوورە وە جاڕ ئە دە ن:

بە مستی پۆلایین ،دە م و ددانی بە کرێگیراوانی ئیستیکبار ئە هاڕین." چاو ئە بڕمە زاری باوکم.

لێوی سپی سپی هە ڵگە ڕاوە و توندێش هە ڵئە زرێ. دڵم نایە سە یری ڕوخسار و نێوچاوانی بکە م.

شووشە ی چاویلکە کە ی لای چە پە وە شکاوە .خوێن بە هە نیە و تە وێڵیا دائە چۆڕێ و ئە ڕژێتە سە ر

پێڵووی چە پی و لە وێشە وە چۆڕ چۆڕ هە تا ژێر چە نە و سە ر سینگی ئە تکێتە خوار.

سە ر ی لە سێ شوێنە وە هە ڵگۆزیوە. لکە ی پێشە وە ی هە نیە ی تە واو هە ڵتۆقیوە و دوو لکە کە ی دیش

بە ژێر قژە تە نکە کانیە وە کە وە ئە نوێنن .باوکم پشوویێک ئە دا . ئارام و بێدە نگە . بە خۆم ئە ڵێم

نە وە ک لاڵ بووبێ. دە ستی ئە کا بە گیرفانیا و دە سە سڕە کە ی نێو باخە ڵی دە ر دێنێ. لە سە ر عە رد

دایئە نێ. شقارتە یێکی پێوە دە نێ و ئە یسووتێنێ. بۆکرووزی دە سە سڕ ، لە و کاسی و وڕییە م دە ردێنێ.

باوکم دە سە سڕە سووتاوە کە ئە نێتە سە ر زارکی زام و لکە کە ی پێشێ و هە ناسە سوار و بە هە سکە هە سک ئێژێ: "ئای چە ند ئێشێ، کورە خۆ سویێم بووە وە.:

ئە و دە م تێدە گە م نە خێر لاڵ نە بووە .پاشان ئە ڵێ: "بە دایکت نە ڵێی لە کوێ بووین".

"بە چاوان باوە. هیچ ناڵێم. بە لام گە ر هات و لێی پرسیم"...

"ئای چە ند دێشێ. خۆ کوشتمی. دە ی ئە ڵێی چی؟"

"نازانم ، چی بێژم".

"بێژه گه ره کمان بوو سواری پاس بین که"...

زوبانێ دێنێ به لێوه ویشکه کانیا و ئه ڵێ " :زۆر تینووم".

چاو ئه بڕمه ده و ر و به رم. له دووره وه تاقمێ بۆی هه ڵدێن و ده نگی بڵیند گۆش یه ک بتم جنێو

به ئیستیکباری جیهانی و به کرێگیراوانی ده دا.

"باوکه به م نزیکانه دا ئاو ده س ناکه وێ".

"به دایکت بێژه گه ره کمان بوو سواری پاس بین که بوو به شه ڕ ه شه ق و هه لاێیک هه ر مه پرسه.له سه رنۆره ی سواربوونی پاس ،دوو که س چوون به گژ یه کا و ئێمه ویستمان لێکیان جوێ بکه ینه وه و نێو گژییان بکه ین. ئیدی"...

ده ستێک دێنێ به سه ر ده سه سڕه سووتاوه که ی سه ر زامه که یدا: " ئیدی دوایی یه کیان گه ره کی بوو

ده ستێکی باش له وی دی بوه شێنێ که سه ری باوکمی به ر که وت"...

"بێژم به چی لێی دا؟"

"به دار، به زنجیر، به کوته ک ، به کوته ئاسن.به هه ر چی بۆ خۆت به چاکتری ئه زانی. چووزانم ، به شتێکی دی.

باشه ئه تۆ هه تا به ئێستا چاوت به شه ڕه شه ق و به گژ یه کاچوونی خه ڵک نه که و تووه؟ خۆ ته له فزیۆن شه و و ڕۆژ له سه ر لێدان و کوتان و شه ڕه شه قی خه ڵک ، شت بڵاو ده کاته وه".

چاویلکه شکاوه که ی تاوێ داگرت و به سووچی کرا سه که ی که له به ر هه ڵات هه ڵات و ڕاکردن ،

له پاتۆڵه که یه وه ده ر په ڕیبوو، پاقژ کرده وه. پێسته سپیه که ی زگی ده رکه وت که له هه ر شوێنه و

جێ سووتنێکی پێوه دیار بوو.

" ئای مردم له ژانا، کوره خه ریکه سوێم بێته وه".

ده ستێ به سه ر پێستی سووتاویدا دێنێ. چاو ئه بڕێته من. به چاوی ڕاستی.

به نیگایا ، بۆ چه نده م جار ، بیره وه رییه کانی له سه ر مێشکم نه خش ئه به ستن: 'لێپرس و به رپرسی ئه شکه نجه به سه ر چرپاکه ما پاڵی خستبووم.قاچ و قولی به ستبوومه وه و به جگه ره ش ، که وتبووه گیانی پێستی سه رسینگ و زگم. ده ستمی بۆ نووسین ئاوه لا هێشتبوو. سات نا ساتێ هه ڵیئه ساندمه وه و ئه یووت: " بنووسه." ئه ز که ته واو شه که ت و ماندوو و که له لا بووم، جگه ره که م له ده س ده ستاند و مژێکی چڕم لێده دا و دیسان پێم ده دایه وه و ئه ویش به هه مان جگه ره ده که و ته گیانم".

لە دوورە وە بڵێند گۆ جاڕ دە دا : "نە مان بۆ بە کرێگیراوانی ئیستیکبار".

باوکم بە سە ر قامکە کانی ، دە سە سڕە سووتاوە کە ی سە ر هە نیە و تە وێڵی دە وشێرێ و ئە ڵێ :

بە کرێگیراوانی ئیستیکبار! جا ڕوو لە من دە کا !

"کورە خۆ ڕە نگت بە ڕووە وە نە ماوە. مە ترسە کوڕم لە ئێمە وە دوورن".

"ناترسم باوە . ترسم لە خوێنە کە ی تە وێڵتە . هێشتا هە ر خوێنی لێ دە چۆڕێ".

مە ترسە ، هیچ نییە . ئە و پیرە پیاوە داماوە ت دی چی بە سە ر دا هاتبوو.؟"

پیرە مێرد م کە و تە وە بیر کە بۆی هە ڵدە هات. کە لە نێو ڕێدا بووین دیتم.باوکم تە وقە و مە رحە بایێکی دە گە ڵ کرد. پاشان بە هێواشێ بە گوێمای چپاند: "لە شاعیرانی کۆنە".

چە ن هە نگاوێکمان پێکە وە بڕی. ئە و دە مە ی دە یە ویست بە سە ر تاقە پلیکانە کە ی مزگە وتدا

سە ر کە وێ چووینە ژێر باڵی. زۆربە زە حمە ت هە ناسە ی دە کێشا و پێستی دە م و چاوی وە ک

قاقە زی گرمۆڵە کراوی لێ هاتبوو. هۆڵە کە پڕیبوو لە کورسی و سە ندە لی و پە ڕاو پە ڕ کورسییان دانابوو.

لە لا دە ستی پیرە مێردی شاعیرە وە دانیشتین.کۆڕگێڕ چاویلکە یێکی ڕە شی لە چاودا بوو و خە ریک بوو

قسە ی دە کرد. خە ڵکە کە هاتن و لە سە ر کورسییە کان دانیشتن. ژمارە یێکیش لە سە ر زە وی دانیشتن، تاقمێکیش پاڵیان دابووبە دیوارە وە.دوو کە س لە سووچی هۆڵە کە وە کامێرابە دە س ، لە هە موو شوێنێ بە وردی فیلم و وێنە یان هە ڵدە گرت. هۆڵە کە جمە ی دە هات لە خە ڵک، دووکوڕی گە نج لە چە پ و ڕاسە وە هاتن بە رە و مێزی کابرای کۆڕگێڕ. کابرایێک کە تە مە نی بانتر بوو و هە ندێکیش باریکە ڵە،لە سە ر کورسییە کە ی ڕیزی پێشە وە ، هە ستایە وە سە ر پێ و بە رە و لای کۆڕگێڕ چوو.

قاقە زێکی لە گیرفان دە رهێنا و چە پاڵە یێکی کوتا بە پشتی ملی کۆڕگێڕدا و پێی وت هە ستە و بچۆ.

کۆڕگێڕ گاڵۆک بە دە س لێیدا چوو. کابرای باریکە ڵە بە دە نگێ بە رز بە کاورای گاڵۆک وە دە ستی کۆڕگێڕی وت: " خۆزگە بە خۆت کە چاوت نییە هە تا ببینی کێها لێرە ن".

لە پڕێک خە ڵکە کە تیگە یشتن چ باسە. تاقمێک بە رە و دە رکە گە ورە ی هۆڵە کە هووروژمیان برد.

هاڕە ی شووشان بە ر گوێ دە کە وت . یە ک زرم و کوتێ بوو هە ر مە پرسە. کابرای بە لە باریک قیڕاندی:

"بە ڕێزینە لە سە ر جێی خۆ دانیشن و تکایە مە یکە ن بە هە را.نە ختێ لە سە ر خۆ بن هە تا سە بارە ت بە سە ر بردە و مێژینە ی کابرای کۆچکردوو بڕێک زانیاریتان پێ بدە ین. هە ڵبە ت هە ندێ لە ئێوە بۆ بە شداری لە کۆڕی ڕێزلێنان هاتوون و بێئاگان بە ڵام ژمارە یێک ئاگایان لە هە موو شتێکە و ڕووی قسە ی منیش لە وانە".

کابرایێک بە سە ر و چاوی خوێناڵینە وە لە بە ر دە م من و باوکم و پیرە مێردی شاعیردا، خۆی پێ نە گیرا وکە وتە سە ر عە رز. پیرە مێردی شاعیر هە رکە سە ر و چاوی خوێناوی کابرای دی ،بە گاڵۆکە کە ی دە ستی بە رە و لای کاورای بە لە باریکە چوو و بە سە ریدا نە ڕاندی: " ئە م کە ر بازاڕییە چییە؟! بۆ وا دە کە ن؟ !کابرای بە لە باریک،ئاوڕێیکی لە هاوڕێیانی دایە وە و بە ئاماژە کردن بە پیرە مێرد، قیڕاندی:

"ئە مە خودی ئە بووجە هلە!" چە ن کە سێ پە لاماری ئە بووجە هلیان دا و یە ک لە وان کە راواتە کە ی

ئە بووجە هلی کێشا و توندێ شە تە کی دا .ئیدی من چاوم بە ئە بوو جە هل نە کە وتە وە. خە ڵکە کە هە موو ورووژابوو و زڕە ی زنجیر دە هات. باوکم خێرا وە خۆ کە وت و پە لی منی گرت و بە رە و لای دە رکە

گە ورە کە هە ڵاتین. لە بە ر دە رکە ،بە تێڵاو زنجیر کە وتبوونە گیانی خە ڵک و ئە یانگووت: "بچن گوێ

بۆ ئاخاوتنە کە ڕادێرن ".

زنجیرە کان پڕ لە حە ڵقە ی درشت و قایم بوون. ئە وانە ی زنجیر بە دە س ، سواری شان و ملی دۆستانی

خۆ ببوون و وە ک ئە سپ سوار لە و سە رە وە زە بری خۆیان دە وە شاند.یە ک لە وان گە یشتە ڕاسە ری مە و توندێ زنجیرە کە ی کێشا بە سە ری باوکمدا. باوکم خۆ ی پێ نە گیرا و کە وتە زە وی.

کە چی هە ر دە ستیشی بە ر نە دام. منیش کە وتم بە سە ر سینگی باوکمدا و دیتم کە سە ر و چاوی

تە واو خوێناڵینە و چاویلکە کە شی شکاوە .باوکم بە و حاڵە ش پشیلە ئاسا هە ستایە وە سە ر پێ و پە لی گرتم و دە گە ڵ خۆ بردمی بۆ سووچێ. باوکم بە ڕاستی ئازایێتی بە خە رج دا. ئە و توندێ پە لی منی گرتبوو و هە ڵدە هات. چوونکە ئە وە ندە ی چاویلکە ی شکاو و ددانی دە ستکرد و وردە شووشە چە قیبوو بە قاچ و قولماندا هە ر مە پرسە.زنجیرە کانیان بە حە وادا دە سووڕاند و ئە نجا ئە کە وتنە گیانی خە ڵکە کە.

تاقمێ ببوون بە ژێر لاق و پێیانە وە و دە یانناڵاند. هە ر ئە وە ندە م زانی لە کۆڵاندابن. لە کۆڵانە کە ی

پشتە وە ی مزگە وت. بڵیند گۆش هە روا جاڕی ئە دا: "ئیستیکبار...ئیستیکبار...ئیستیکبار"...

بە ڕاکردن خۆمان گە یاندە کۆڵانێکی چۆڵتر."

باوکم سووچێ پە ڕۆی نابە ژێر قاپی شکاوی چاویلکە کە یە وە. بە چاوێکی ، نیگام تێ ئە برێ و ئە ڵێ:

"دە س و قاچ و قولت خۆ هیچی پیا نە چە قیووە ؟"

"نا"

"دە خێراکە با بچین ، بیرت نە چێ بە دایکت بڵێ لە نێو نۆرە ی پاسدا"...

خووشکم مێهرنووش هە رکە باوکمی بە و حاڵە تە دیت، دە ستی کرد بە گریان. دایکم ئە ماڵێ

به سه ر ده ستیا و ئه ڵێ: " باشه ئێوه چتان له شه ڕه شه قی خه ڵک داوه؟ خۆ ئێوه پاسه وان نین،داماوینه خۆ پۆلیس نین! بۆچی له هه ر کوێ هێلانه زه رده واڵه یێک بێ ئێوه ئه چن و ده س ئه که ن به کونه که یدا؟"!

خێرا ده چێ و ده فرێیکی پڕ له ئاوی داخ و کولاوکوڵ و خاولی یه ک دێنێ و ڕوو له باوکم دیسان ئه ڵێ:

"ئیدی پیاوه که سه ر وڕیشت سپی بووه.بۆ ده س هه ڵناگری؟ باشه به چی لێیاندای؟"

"جا چووزانم.به شتێک لێیان دام. نازانم تێڵابوو ، کوته ئاسن بوو،ڕاستییه که ی نازانم".

مێهرنووش به دلۆڤانی و مێهره بانییه وه گۆره وییه که له پێی باوکم دائه که نێ. دایکم به تووڕه ییه وه

خاولییه که ی ده وشارد: " چاومان ڕوون. له که یه وه بووه به داب خه ڵک کوته ک به ده س له نێو ڕیزی

پاس دا ڕائه وه ستن؟'!

باوکم چاوێکم لێ دائه گرێ: "به هه ڵکه وت بوو ئافره ت .ئیدی چووزانم پێش هات".

"ئه ی بۆچی جارێ تووشان به تووشی شتێکی باشه وه نابێ.دا ڕۆژێکیش وه ره وه و بڵێ هه رمانێکی چاکت ده س که وتووه. ده ئاخر پیاوه که هه تا که ی ده بێ هه ر چاوم به ده ر و جیرانه وه بێ؟ چاو ێ

له ڕه نگ و ڕوخساری مناڵه کان که،جا بچۆ نێو گژی خه ڵک بکه".

خاولییه که ئه وه ند داخ بوو ، باوکم خۆی پێ نه گیرا: " کوره خۆ سووتم.ژانیش کوشتمی. ئیدی ئه مڕۆ

وای لێهات. بچۆ شوکری خوا بکه ته رمه که میان نه هێنایه وه به ر که له به ره که ت".

"شوکری خوا بکه م و خۆشحاڵ بم؟ ده ئاخر پێم بڵێ بۆ ده بێ خۆشحاڵ بم؟ ڕاس ئه که ی پاشی بیست و پێنج ساڵان له به ر ده م ته خته ڕه شدا دانیشتن، تۆز و گه چ خواردن ، تازه ئێستێ له سه ر کاریان لا بردووی؟

دار و نه داری مه ت فرۆ شتووه گوایه هه تا زگی مناڵه کانی پێ تێر بکه ی؟ '

کوره ئافره ت زیندووین.زیندوو.چاو له مناڵه کان که و خۆشحاڵ به".

دایکم هه ناسه یێک هه ڵئه کێشێ و نه رم و نیانێ ئه ڵێ:" مناڵه کان ڕێگه یێکی پڕ زه حمه تیان له پێشه".

باوکم ڕوو له من ئه کا و ئه هوه ن و هێواشێ ئه ڵێ: " ڕۆڵه ده بێ ڕاستیه که ی بێژی.درۆ ماڵ ئه کاته

ته مستانێ".

دایکم به سه ر سوڕمانێکه وه لێم ئه پرسێ " :که یوان پێم بڵێ چبووه؟

ئێژم: " کۆڕی ڕێز نان لە شاعیرێک بوو".

دایکم و مێهرنووش پێکە وە دە یکە نە هە راێیک:"ئە ی باشە ئێمە تان بۆچ لە گە ڵ خۆ نە برد"!

دایکم ڕوو لە باوکم ئە ڵێ: "هە ر ئە وە ی دوێشە و باست کرد؟"

باوکم بە خاولییە کە ی ، خوێنی سە ر و چاوی ئە سڕێ و ئە ڵێ: " ئە رێ ،ئە رێ، ژین پڕ شیرینە".

دایکم خاولییە کە ئە چە قێنێ بە دە فری ئاوە کوڵاو کوڵە کە دا و لە وە رامیا ئە ویش ئە ڵێ :

"ژین ئاورگە یێکە هە تا هە تایە بڵێسە ی هە ر بە رزە".

مێهر نووش کە شووشە ی چاویلکە کە ی باوکمی بە دە سماڵ و دە سە سڕ پاقژ دە کردە وە ئە ڵێ:

"گە ر دە ستە چیلە ی ئاورە کە باش بێ، سە مای گڕە کە ی لە هە موو شوێنێ بە ر چاو دە کە وێ".

منیش فرمێسکە کە م ئە سڕم و ئێژم: " ئە گینا ئاور ە کە دائە مرکێتوو، کوژانە وە شی هە ر خە تای مە یە".

سە ر چاوە : گۆڤاری ئە دە بی دونیای سوخە ن ، ژمارە ی 51

caf@yahoo.comrenas